# مەم و زینی خانی

هەژار کردوویە بە موکریانی

www.ketab.ir

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | خانی، احمد بن الیاس، ۱۰۶۱ - ۱۱۱۹ق. |
| عنوان و نام پدیدآور | : | مه م و زین/ شاعر ئه‌حمه‌دی خانی؛ وه‌رگیر هه‌ژار؛ نووسیار ماجد مه‌ردوخ‌روحانی. |
| مشخصات نشر | : | سنندج: کانی کتیب ۱۳۹۴ |
| مشخصات ظاهری | : | ۱۳۰ ص.؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م. |
| شابک | : | ۹۷۸-۶۰۰-۹۵۵۲۶-۳-۴ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| یادداشت | : | چاپ کتاب قبلی کتاب حاضر تحت همین عنوان با ترجمه مسعود سعدئی در سال ۱۳۸۲ فیپا گرفته است. |
| موضوع | : | شعر کردی — عراق |
| موضوع | : | شعر کردی — قرن ۱۲ق. |
| شناسه افزوده | : | شرفکندی، عبدالرحمن، ۱۳۰۰ - ۱۳۶۹.، مترجم |
| شناسه افزوده | : | مردوخ روحانی، محمدماجد، ۱۳۳۷ - |
| رده بندی کنگره | : | PIR۳۲۵۶/ م۶۴۳خ۲ ۱۳۹۴ |
| رده بندی دیویی | : | ۸فا۲۱/۹ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۳۸۶۸۹۰۷ |

سوپاس بۆ خودا که بە کوردی دروست کردم.
سوپاس بۆ خانەدانی «حاجۆ ئاغا» لە جزیرە کە لە پەنانشینی ئەواندا توانیم ئەمە بنووسم.
سوپاس بۆ بارزانی کە بۆی چاپ کردم.
سوپاس بۆ شۆڕشی گەلاوێژ کە دەتوانم بە ئازادی بڵاوی کەمەوە.

**ناسنامە**

**ناوی کتێب:** مەم و زین
**شاعیر:** ئەحمەدی خانی
**وەرگێڕ:** هەژار
**نووسیار:** ماجد مەردۆخ ڕۆحانی
**هەڵەبژاری:** ئەفشین بەهاریزەڕ، سەیران پەرویزی
**پیتچنی و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان:** ئاری محەمەد سالح
**ڕووبەرگ:** حەمیدڕەزا زەڕڕی
**وێنەی ڕووبەرگ:** لالە یەزدانجوو

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە**

**ناوەندی بڵاوکردنەوە:**

**سنە**، پاساژی عیزەتی، نهۆمی یەکەم، پەخشانگای میدیا، تەلەفوون: ٢٧ ٨٣ ١٢ ٣٣ ٨٧ ٩٨+
**سلێمانی**، بەر دەرکی سەرا، چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، تەلەفوون: ٦٧ ٥٠ ١٥٧ ٠ ٧٧ ٩٦٤+

# ناوەرۆک


مەم و زینی خانی چییە؟.......... پێنج

چیرۆکنووسی.......... هەشت

ئامۆژگاری ڕامیارانە.......... دە

وەفا و ئەمەگ.......... سێزدە

شێخی خانی و مرۆڤایەتی.......... پازدە

خوداناسین.......... حەڤدە

خانی و هونەرە جوانەکان.......... نۆزدە

خانی و شیعر.......... بیست‌ویەک

من و مەم و زینی خانی.......... بیست‌ودوو

بەرکولێک لە لایەن وەرگێڕەوە.......... بیست‌وچوار

دیباچە.......... ١

پەسندی خودا و پاڕانەوە.......... ٢

چۆنیەتی و گەورەیی پێغەمبەر.......... ٥

پێغەمبەر دەکاتە تکاکار.......... ٨

بەدبەختی کوردان دەڵێ و بەسەرهاتیان هەڵدەڵێ.......... ٩

هۆی ئەم نووسینە و داد لە دەست گەردوونی چەپگەڕ.......... ١١

پێشدەستییەک بۆ چیرۆک.......... ١٣

پەسندی میری بۆتان و جووتە خوشکە جوانەکەی.......... ١٦

دیسان ڕانانی جوانی ئەو دوو چاوبازانەیە.......... ١٩

ئازایەتی تاژدین و برایانی و دۆستایەتی مەم و تاژدین.......... ٢٠

جێژنی نەورۆز.......... ٢١

سەیرانی جەژن و دەزگیران گرتن.......... ٢٣

خۆگۆڕینی تاژدین و مەم لە بەرگی کیژاندا.......... ٢٣

گرفتار بوونی مەم و زین و ستی و تاژدین بەداوی ئەوین.......... ٢٤

تاژدین و مەم بە دەردی خۆیان دەزانن.......... ٢٧

زین و ئەستی بە چ دەردێ چووبوون؟.......... ٣٠

تایەن لەم وتانە سەرکەردانە.......... ٣٢

تایەن دەچێتە کن نوشتەنووس.......... ٣٤

درکاندنی ڕازی دڵ لەلای تایەن.......... ٣٧

گەڕانەوەی پیرێژن بۆ لای چاوەمەستان.......... ٣٨

خوازبێنی ئەستی بۆ تاژدین.......... ٤٠

ڕازاندنەوەی کچان و گواستنەوەی ستی.......... ٤٤


www.ketab.ir

زاوا دەچێتە پەردە بۆ لای بووک........................ ٤٨
تێچاندنی بەکرە مەرگەوەڕی شۆفار و دوو زمان........................ ٥٢
گریان و شیوەنی زینێ لە تاو و تونیی ئەوینێ........................ ٥٦
زین لەگەڵ پەژارەدا داخێوێ........................ ٥٩
سکالای دوور لە دوور لەگەڵ خوشکیا........................ ٥٩
زین بوخچەی دڵی لای مۆمی داگیرساو دەکاتەوە........................ ٦٠
زین ڕووی گفتوگۆی دەکاتە پەروانە........................ ٦١
سووتانی مەم لە دەردی دووری زینێ........................ ٦١
پەیڤینی مەم لەگەڵ چەمی دەجلەدا........................ ٦٢
ڕۆژی تاری دەکاتە شنەبا........................ ٦٣
شەمعونەی دڵی خۆی دەکات........................ ٦٥
دەرچوونی میری بۆتان بۆ ڕاو و نێچیر........................ ٦٧
پەسنی باغی میری بۆتان........................ ٦٩
ژوانی زین و مەم لە باغی میردا........................ ٧٠
مەمیش بەرەو باغ ئەڕوا........................ ٧٢
میر و ڕاوکەر بەسەریاندا دێن........................ ٧٥
برای چاک بۆ ڕۆژی تەنگانە بەکارە........................ ٧٧
ڕازی دڵداری زین و مەم بە گوێی میر دەگا........................ ٧٩
میر و مەم شەترەنج دەلەیزن........................ ٨١
مەم لە گرتووخانەدا بۆتە چلەکێش........................ ٨٤
زین گلەیی لە گەردوون و چارەڕەشی خۆی دەکا........................ ٨٧
تاژدین و برایانی لە بیری چارەدان........................ ٩٠
ڕاسپاردەیەک ڕادەسپێرنە لای میر........................ ٩٢
میر لەبەریان دادەنوێنێ........................ ٩٣
بەکری شۆفار داوی مەرگ بۆ مەم دەنێتەوە........................ ٩٤
میر بەو بیرەوە دەچێتە لای زین........................ ٩٦
زین دوا ڕاسپێری خۆی بە کاکی دەڵێ........................ ١٠١
زین سەری کوشتەی خۆی دەدا........................ ١٠٤
شین بۆ مەمی هەژار و کوژرانی بەکری بەدکار........................ ١٠٩
زین دڵی بە بەکر دەسووتێ و بۆی دەپاڕێتەوە........................ ١١١
زینیش لە سویێی مەم دڵی دەتۆقێ........................ ١١٣
چقلی مەم و زینان........................ ١١٧
پیاوچاکێ خەون بە بەکرەوە دەبینێ........................ ١١٨
چی نووسیوە و بۆچی نووسی........................ ١٢١
وردەکاریەکی دەرویشانە........................ ١٢٢
سکالایەک لەگەڵ بنووسەکەیدا........................ ١٢٧

## مەم و زینی خانی چییە؟

. ئەو کوڕە کوردە پاکانە، ئەو لەوەندە لاوچاکانەی خوێندەوارن و دەزانن کوردی وەخوێنن و حەز لە باری وێژە و بێژەی هەرە جسن و هەرە بایەخدار و هێژا و هەرە چێژە بەرامە دەکەن و دڵبژۆکی چیرۆکی ئەڤینداریشن، ئەگەر مەم و زین ببینن -ئەو مەم و زینەی سێ سەدە بەر لە ئێستە خانی شانی کوردی داوە و بە پەند بۆ کوردی داناوە- من لێم ڕوونە زۆر بە هەڵپە و بە پەلەپەل ڕووپەلان هەڵدەدەنەوە، بەلەز و بەز کاڵەشوومێکی دەبڕن و خواخوایانە هەرچی زووە چارەنووسی دوو دڵداری چارەڕەش دەبناوان بکەن. ئەوسا هەرگا لە سەر تەرمی جوان و نەرمی ئەو دوو نەمامە ناکامە چەمەر و گەرمەشینیان گرت و لە ڤەشارتنیان بوونەوە، بە چاوی ئەسرین تێزاو و بە دوو هەناسەی ساردەوە، ئێژن بە خوا فریە خۆش و دڵتەزێن بوو. ڕەحمەت بووی خانی ئەکەن و بە ئەسپایی ئەیخەنەوە سەر دەلاقەی جێکتێبان. ئیتر چیتر لە سەرڕا پێیدا ناچنەوە؛ بە وردی لێی ورد نابنەوە و شێوەکە ورد نادەنەوە؛ تا ئەو هەموو کاکلە خۆشانەش وەدۆزن کە بوونەتە ناوئاخن و چیرۆک گرتوونییە ناوەخۆ و بە هێوری و بە کاوەخۆ، دەگش لە گشتی ڕامێنن؛ زانیارانە بەشەی کەن و بە دانستە شی کەنەوە و بەند بە بەند و گەو بە گەوی تێک کەنەوە و لێکدەنەوە. مالم هەقە هەقیشیانە، لە خوێندنەوەی بە پەلە بن و بە پەلیەکەی بەس بکەن و قووڵتر نەڕۆن. بۆچی؟

www.ketab.ir

ـ چونکە: ئەم سەربهوردی ئەڤینە -کە زۆر خۆشتر و شیرین‌تر لە تۆلاگـەزۆ و هەنگوینە- هەرکێ یەکەمجار بیدینێ و لە وزەیدا بێ وەیخوێنێ، وەها نـوقمی گۆمەشینەی ئەوین دەبێ کە هۆش و گۆشی نامێنێ و تا بلەز قوتاری نەکات، نـە گوێ لە هیچ شتێ دەگرێ و نە بۆی دەکرێ کەس بدوێنێ؛ کـوا دەیپـەرژێ واز لەو سەرگوروشتەیە بێنێ و لەو گەنجینە پڕ لە گش جۆرە گەوهـەرە، وەکۆڵـێ و بنێژنتەوە؛ تا بزانێ شێخی خانی لەم چیرۆکـەی -بـە ڕواڵـەت ئەڤین‌نامـەدا- چەنێ کردووە و پایەی زانست و هونەری تا کوێ چووە.

خانی چەنێ هونەرمەند بووە؟ هەر مەگین خودا بیزانێ. کورد گوتـەنی «ئـەم کارە هەر بە دڵم خۆشە» دەنا کێ هێندە زانا هەس لەم هەموو شیرین باریانـە و لەو هەموو وردە تاریانەی لەم ناو خەزێنە خزاون، سەری دەرچێ و بە تاقی تـەنێ بتانێ ئەو چەند هەزار تاڵ و پۆپە ئاوریشمینە و تاسە زێڕین و زیوینە و ئەو گـش گشتەکە نەخشینەی خاسەڕەنگە و هەمـە ڕەنگـە، ئـەو کـرە جـوان و ڕەنگینـە - واخودان ڕێز و بە سەنگە- بناسێنێ و بەناسێت و لـە تـاریف و پەسـن دان و ناساندنیان سەرپەنـجە و دەمی گۆشەکا و قەڵەمی نسکۆیە نەبا و زبـانی ڕەوان و پاراوی نەکەوێتە تورەتور و لاڵ‌وپاڵی و خۆی تەنیا لێـی حاڵـی ببـێ و بشـتوانێ حاڵیمان بکا؟ هەیهاتە کەسی وا هەبێ کە بە تەنیا ئەو ئەرکە وەئەسـتۆ بگـرێ و گرێ‌نەکا.

بەڵێ مەم و زین بۆ ئەڤین و ئەڤینداری چۆتە سەر لووتکەی داری هەرە بـەرز و هەرە تەرزی وێژە و ئەدەبی جیهانی. ئەگەر نیزامی گەنجەوی بەچکە کـوردی فارسی‌نووسی چەرخی شەشەمینی کۆچی بە پێنجینە مەنشوورەکەی بەناوبانگە، ئەگەر ناوی فەرهادی کوردی کەلهوڕی زەرد و مـاهی بێسـتون دڕی شـیرینکار - کـە لـە سوێی شـیرین مـردووە- تـا هـەتا نـەمـر کـردووە، ئەگـەر لـەیل و مەجروومەکەی ناوی دوو بەچکە عارەبی بە عارەبی و بێ‌مرادی دەنـاخی ئـاخی ڕاکردوون و لە سایەی ئەو، ئێستا و ئێستاش وە لەوەش پـاش هـەر زینـدوون و

قەت نامرن و قەت نەمردوون، ئەگەر ڕۆمیۆ و ژۆلیێتی ئیتالیایی -کە لە ڕای دڵداری مردوون- بەدەست و پەنجەی شکسپیێر، وەک مۆمیایی کراوی بە دانستە، بە ناو و داو هەڵگیراون؛ نەڕزاون؛ نەپواون؛ نەش سواون و لە ڕۆژگاری ژیانی سەرزەمینیاندا چۆن بووگن، ئێستا بە قەدر و بەڕێزتر، جوانتر و بەهێز و پێزتر لەسەر دنیا خۆ دەنوێنن و هەرگیز نوشوستی ناهێنن، شکت نەبێ ئەگەر خانی کورد نەبووبا، یان بە کوردی مەم و زینی نەنووسیبا، تۆژەرەوانی لاوەکی وەکی زەمانە زیندووەکان بیانزانیبا و بیانناسیبا، دەبوو ئەو سێ ئەڤین‌نامەی ناومان بردن، وێڕای زۆر دڵداری‌نامەی بەرهەمی وێژەوانان و چیرۆک نووسانی بل ژوان، ئێستا لە خاباشی بدرێن!

بەلام ڕووی زەمانە ڕەش بێ... ئێمەی کوردی دەسکورتی نەگبەت و کلۆڵ، لە ئەگەر_ئەگەر بەلا و بەچیمان هەیە؟! ئاری ئەگەر ئەوەندە و ئەوەندە کەند و کۆسپ و لەند و لەمپەر و بەرگرە زۆره -کە خراونەتە سەر ڕێگای ئازادیمان- نەبوونایە، ئەگەر کوردیش وەکو گەلانی ئازادی خوداپێداو دەوڵەتێکی خۆی ببایە و گەشەی بە زمان و فەرهەنگ و دیرۆک و چیرۆک بدایە و ئەو زمانە زۆر شیرین و بەستەزمانەی لەو هەموو بەند و زیندانەی بەشوورەی لە پۆلا و ئاسن دەربچوایە، ئەگەر داگیرکەرەکانی کوردستانی نیشتمانمان -کە نە ویژدان شک دەبەن و نە بەزەیی؛ وەک دۆلپا سواری شانمان دەبوون|بە دڵبەردی و بە نامەردی خێر و بیری وڵاتەکەمان دەخۆن و دەمانکەنە قسەچیلەی ئاگری شەڕی دوژمنیان و بە گژ یەکترماندا دەکەن و هەر بێژین لەن، بە گوللە دامان دەبێژن و پەتی دارمان دەمل دەکەن- لە ئارادا نەبوونایە، کە زۆرکاری ئەو زۆرداره بێبارانەی دژی هەموو ئاکاری چاک، بەرانبەر بە گەلی کوردی هەموو دەرەتان لێ‌گیراو، گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە زمانی ئاسایی -کە بەشێکە خودێ دایی- لە بەشی زۆربەی کوردستان قەدەغەیە؛ کە ئەگەر هەر پێی باخێوین، زوانمان دەبڕن! هێندێکی تر هێند بە دەستندە دەن دەنێ، جووچکە کەوێکیش

تێر ناکا! خۆ ئەگەر بە پاڕانەوە بێژین: ئەی برای موسوڵمان! تۆ هیچ نەبێ لێمان گەڕێ با بە زمانی خۆ بنووسین، دەبێ سەروبن هەر پەسنی بەژن و باڵای خوار و خێچ و ملی‌چرچ و دەم و فلچی بۆگەنیو و کۆلکەی پڕ لە ئەسپێ و کێچی ئەوان بدەین! هەرگیز باسی ژین و ژانی خۆمان نەکەین.

ئەگەر کوردیش تەمی بەدبەختی ڕەویبا و بەختی سڵی بۆ کەویبا و بووکی ئازادی و سەربەستی لە هەمبێزی خۆیدا دیبا، ئێستا کار لە جێیەتر بوو. ئەگەر ئەو هەموو ئەگەرە و هەزاران ئەگەری‌تریش نەبوونایە بە تەگەرە لە پێشبەری ژینەوە و گەشەکردنمان، ئەدەب نووس و چیرۆک ناسانی جیهانی شارستانی، لە ناو ئەو گشتە چیرۆکانەی لەناو دیرۆکاندا زیندوون، داستانی مەم و زینیان -کە شێخی خانی نووساویە- بە موجیزاتێک دەزانی کە وێنەی لە دنیا نەبووە و ناشبێتەوە.

مەم و زین هەر ئەوە نییە کە چیرۆکی دلداری بێ و ببڕێتەوە؛ ڕانگەی چەندین زانستنامەی زۆر هێژایە کە دەبوایە بە هیچ ئاوا لەو مەودایە بەرتەنگەدا نەگونجایە؛ کەچی تێشیدا گونجاوە! کە ئەمەش یەک لە موجیزاتی خانییە. جیا لە باسی دلداری زین و مەمان -کە لە پەسەندی و ڕندیدا چەپکەگوڵی هەرە هێژای سەرسەبەتەی ئەدەبیاتی جیهانە و ناوی چیرۆکە و گراوی تا هەتایە لە نەمان دوور خستۆتەوە- چەند چی‌نامەی‌تری تێدایە وەک ئەڤین‌نامەکەی دلڕفێن و جوان و خۆشەویست و خۆشن. پاکیان لە مەڕ خەڵین‌شیرینی و ڕەزا سووکی و بەنرخی و بایی‌گرانی، وەکوو کۆرپەی هەرە جوانی خڕ و خۆڵی نەرم و نۆلی پڕ بە کۆشن.

## چیرۆکنووسی

ئێمەمانان ئەوەندەی بۆمان لواوە -بە پێی توانا- زۆر چیرۆکمان لە زۆر بارە و بابەتاندا خوێندۆتەوە. لە هەر کامدا چەند قارەمانێکی باش و مەرد و ڕەند و بە

www.ketab.ir

ئاکارمان زۆر خۆش ویستوون. زۆریش ڕکمان لە بێفەڕانی شەڕانی و بەگەڕان و گێرە شێوێن، کار تێکوپێکدەر بۆتەوە. ئیتر تا ماوەیەکی زۆر، کەف و کوڵی تووڕەیی نەنیشتۆتەوە بە ئافەرین یادی چاکانمان کردووە و ناوی خراپەکانیشمان بە نەفرینەوە بردووە؛ بەڵام خانی ئەو سەرتاپا چاک و پاکەی -کە بە مەودای هەزاران ساڵ ڕێگە پێوانی برووسکە، لە ڕک و کینە بە دوورە- چاکەکانی ناو چیرۆکی زین و مەمی، وەکوو ئاڵای کوردستانی نیشتمانی -کە بە ئاواتی خواستووە لە سەر چیا سەرکەشەکانی زێدەکەی، خۆی نیشانی دنیا بدا -کە بەرزان شەکاندۆتەوە و دەربارەی ناڵەبارانیش کارێک دەکا کە هەتا سەر هەر بە خراپیان نەزانن و دەیانبەخشێ و هانەی خوێنەرانیش دەدا کە بیانبەخشن.

خۆندکارێک بە دەرمانی شۆفارێک -بێلێکدانەوە- هەڵدەچێ و بە سوێندان ڕەش دەبێتەوە کە خوشکی هەوەسە سارد و بێدەسەڵات و تاوانی داوێن پاکی خاوێن لە گەردی گوناهان، بە هیچ مەرێ بە شوو نەدا و بە مەرەدیکی وای دەبا لە خۆشیان بێبەشی دەکا و نوقمی خەمێکی گەشی دەکا. ئەو گوز و گومبەت هەڵچوونە و بەگژ سوێندخواردندا چوونە، دەبێتە ئامیانی مەرگی دوو دڵداری هەڵبژاردە و بێوێنە لە چاکی و پاکی. ئەمە نکارە دیارە پیاوێکی خراپ و ناڵەبارە و پیاو ناچارە خۆشی نەوێ.

دەرکەوانی پێچ و بێژووی نەیاری پیاوەتی و ئابڕووی دەست و زمان‌پیس و نەگریس -کە ئێرەیی بەگژ بەختەوەرێ دەبا و هەر حەز لە دەفەڕی دەکا- دەبێتە سەرسۆدرەیەک ناهێڵێ دوو یاری گیانی بە یەک بگەن؛ هەر دووکیان بە داخ و سۆوە دەخاتە ناخی گڵکۆوە. بە کێ دەکرێ لە سووچ و هەڵەی ببووری؟

میر و بەکر، حەیزەبوونی تەرح مەیموون، فاڵگرەوەی درۆ فرۆش، لە برانەوەی چیرۆکێدا گشتی کۆترە بەحەشتیلەن؛ هیچ کامیانت ناخۆش ناوێ! کە ئەم کارە هەر لە پاکی وەک خانی دەوەشێتەوە و کەسیتر نا.

## ئامۆژگاری ڕامیارانە

ڕەنگە زۆر کەس وا بیر بەرن شێخی خانیش وەک مەلا ئاساییەکانی کوردستانی، هەر لە زانستی عارەبی سەرکەوتووە و لە مزگەوتێکی کوردستان فێرکار و دەرس‌بێژ بووە؛ ئیتر سەری لە کار و باری ڕامیاری و گرێ و گۆلی دەوڵەتداری هەر دەرنەچووە. دەسا با میر و سەرداری کوردەواری، لەسەرخۆ و بە وردەکاری بە مەم و زیندا بچنەوە و لە کەرخی پەرێزی خانی ئەوەندە گوڵ بچننەوە کە دەسەڵ و تێریان بکا و فێریان بکا دەبێ چبکەن تا بەختەوەر و لەسەر بن.

بێ‌گومان سێسەد ساڵ پێش بە هیچ ئاوا بیر و بڕوای «ماکیاول»ی ڕۆژئاوایی -کە لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕێنمونی دنیادارانە- ئەو زەمانە بە زمانەکانی ئەم ناوە کە خانی سەری لێ دەرچووە هیچ کەس وەری نەگێڕاوە و بەر گوێی خانی نەکەوتوە؛ کەچی خانی بەک عەولێکی دینێ و «*لەڕای مەبەست گشت نارەوایەک ڕەوایە*»ی ماکیاولی بە زمانی ئەو ئەدرکێنێ. ئەوەندەشی بە خوێنتاڵ نیشان دەدا کە هەر کەسی ڕاستی دەرست مەم و زین دەخوێنێتەوە، دانی خێرێ بەو بەشەڕ فێرەدا نانێ. هەزار تفاڵ لە بەکر مەرگەوەڕ دەکا و نفرە لەو کەسانەش دەکا کە دواى ئەم بڕوایە کەوتوون.

خانی فێری میران دەکا چۆن کەسانێک هەڵبژێرن بە وەزیر و بریکار و کوێخا و گزیر و کلیلدار، کە نەبنە مایەی تێکدانی دام و دەزگای میرایەتی و نەبنە مێمل لە ژیانی کۆمەڵایەتی و نەبنە خۆرە لە ئاپۆرەی ژێردەستی میر؛ لە ڕەشایی و لە بازێریان و وەرزێران و بۆ دارا و نەدار دڵسۆز بن. ئێژێ میری ژێر میرێکە چل جار کاورایەک دەئەزموێ تا کارێکی پێ دەسپێرێ. خۆ ئەگەر هەر بە هەوای خۆی بە گەللایی و بەرهەڵدایی، بە بۆنەی خزمایەتیەوە، بە ناوی دۆستایەتیەوە، کاری هەڵسووڕانی ولات بکاتە خەڵات و بەرات، گوێ نەداتە

www.ketab.ir

خـودان کـرن و دڵخۆشـبوونی هـەژار و بـێدەسـەلاتان، لەوانەیـە دۆسـتە نەئەزموورراوەکە لە بنەوە دوژمـنی پۆسـت بـێ و هـیچ دوور نییـە  خزمـە تـاقی نەکراوەکە هەلپەرست و نزم و پەست و بێئاکار و چـاوچنۆک و دلبـزۆک بـێ. هەر دەسەلاتێکیان هەبێ و دەسیان بڕوا، بڕوا و پـەیمان پاشـگوێ خـەن و دەم بنێنە بینەقاقای زۆر لێکراوانی بێتاوان. تەنیا هەر خۆیان لە بیر بێ و دەسیان لە هەر چشتێ گیر بێ، بیرفێنن و بیبەنە ناو کولێنی خۆ و خاوەن بـەشـان دەم لـە پووش کەن؛ میری بە دام و دەزگاوە تووشی تووشی و نەگبـەتی کـەن؛ بناغـەی شکۆی مەزنایەتی تێک و پێک دەن. لە پاش چوانیش، پەشیمانی بەهرە نادا.

میر ئەشێ گەلێک وریا بێ؛ خۆی خـاوەن تـەگبیر و ڕا بـێ؛ کـانی هـۆش و بیرەوەری پترە لە گوێچکەی لاسەری لەسەر هەست و دەکاردا بێ. نابـێ هێنـدە ساویلکە بێ شالووزانی زمان لووسانی گزیکـار، هێنـدەی لـێ نزیـک کەونـەوە، دەستی دەمیان بگاتە پەنا گوێی دلی و بەپێهەلدان و فووتێدان، بیماسێنن؛ بـە هەیت و هووت و شات و شووت بەلەدەی کـەن؛ بـە مشـتەی درۆ و دەلەسـە، بیتاسێنن و بتوانن لە خشتەی بەرن.

سەردار دەبێ بە دەستی خۆی زۆر ئازا بـێ. هەرکـەس لەوانـەی چەکـداری پەیڕەوی وین - بە بێگومان - لایـان وابـێ هەرچەند دوژمـن بترسـێنن، هـیچ کامێکیان بە قامکە تووتەی ئەو نابن. جا وەک ئەشێ لە جەنگەی مەیدانداریدا و لە ڕوبەڕووی نەیاریدا دانەچلەکێ و دلی وەک چیای بۆتان بێ و هەت نەلـەرزێ و ڕانەتلەکێ، گەرەکە لە ناو دیوانیش لە کۆڕی هاودەمانیشدا، دێوی نەرمی لـە ڕوودامان سواری نەبێ؛ بێئاوەز و بە دڵ ناحەز، بواری نەبێ کـاری تـێبکا و لە ڕێگەی ڕاست لاری بکا و بێڕەتێنێ.

میر دەبێ دەگەل نەترسی لە مەیدان و بەزاکوونی لـە دیوانـدا، دلاواش بـێ. دلاوایی ئەستوندەکی هەرە خۆگر و پتەوە بۆ کۆنی فەرمانڕەوایی. هەرگیز هـیچ خونکـارێکی دەسڕژد و چـرووک و چکـووس، هـەتا سـەر سـەرنەکەوتووە.